ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
78
25 ی شوبات/ فێبریوەری 2024

# ٨ ی مارس،
# ڕەمزی وەستانەوەیە دژی جیاکاری و تێکۆشانە بۆ یەکسانیی نێوان ژن و پیاو!

جیاکاری و ستەم دژی ژنان و بە پلەدوو سەیرکردنیان، یەکێکە لە سیما قێزەونەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری. چینی بۆرژوازی، بەمەبەستی دابڕینی ڕیزەکانی چینی کرێکار و لەبەرامبەر یەکتر دانانی ژنان و پیاوانی کرێکار، پلەدووی و بێمافی بەسەر ژناندا سەپاندوە. هەروەها راگرتنی لەخوارەوەی مافەکانی ژنان بەتایبەتی کارمەندان و کرێکارانی ژن، لەپاڵ بێمافکردنی ژناندا، مافەکانی پیاوانیش لە خوارەوە رادەگرێت و هەمیشەش وەکو ڕکابەری یەکتر بەرامبەر یەکتر دایان دەنێت. بەمجۆرەش هێشتنەوەی نایەکسانی ژنان لەگەڵ پیاواندا، بۆ هێشتنەوە و ڕاگرتنی نایەکسانی ئابوری و کۆمەڵایەتیە، بۆ توندکردنەوەی زنجیری چەوساندنەوەی چینی کرێکارو لەخوارەوەراگرتنی ئاستی ژیان و گوزەران و مافەکانی سەرجەم چینی کرێکار و فەراهەمکردنی زەمینە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکانی کەڵەکەی سامان و سەرمایەی چینی سەرمایەدارە.

لە هەلومەرجی قەیرانگرتووی ئێستادا کە سەرمایەداری گیرۆدەی قەیرانێکی ئابوری قووڵ بۆتەوە و بەدوای خۆیدا، بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی سەختی بەسەر بەسەر کۆمەڵگادا داسەپاندووە، پەرەگرتنی جەنگ و

بۆ لاپەڕە ٢

## بژی ٨ ی مارس ڕەمزی وەستانەوە بەدژی جیاکاری و ژێردەستەیی ژنان!




## کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق
**عوسمان حاجی مارف**

بۆ لاپەڕە ٣



## ناڕەزایەتیەکان بەدژی رادەستکردنی جولیان ئەسانج بە حکومەتی ئەمریکا
**نوری بەشیر**

بۆ لاپەڕە ٦



## ئیسرائیل و هەڕەشەی بردنەسەری جینۆساید
**بنار مستەفا**

بۆ لاپەڕە ٥

## کێشەکانی پۆستی پارێزگاری کەرکوک
**عوسمانی حاجی مارف**

بۆ لاپەڕە ٨

## کۆتاییهێنان بە بایکۆت،کۆتاییهاتنی ناڕەزایەتیەکانە!؟
**موحسین کەریم**

بۆ دوالاپەڕە

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی...... ٨ ی مارس، رەمزی وەستانەوەیە دژی جیاکاری و تێکۆشانە بۆ یەکسانیی نێوان ژن و پیاو!

فەزای میلیتاریستی و سەرهەڵدان و پەرەگرتنی رەوتە کۆنەپەرستەکانی بۆرژوازی، لە چەشنی راسیزم، فاشیزم و نەتەوەپەرستی و ئاینگەرایی... کە پەیامی هەموویان، گێرانەوەی کۆمەڵگایە بەرەودواوە، هێرشێکی هەمەلایەنەی چینی دەسەڵاتداری بۆسەر ژیان و گوزەران و ئەو دەسکەوتە ئینسانیانەیە کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە دەیان ساڵی رابرووردا بەدەستی هێناوە، لێکەوتۆتەوە. ئەمە لەپاڵ جەنگە ناوچەییەکان و ئەو مونافەسە میلیتاریستییەی کە دەولەتانی سەرمایەداری بەسەر کۆمەڵگای بەشەریدا سەپاندویانە، شەپۆلێکی فراوانی لە نائارامی و کاولکاری و کۆمەلکوژی و ئاوارەیی و دەیان موسیبەتی تری بەرهەمهێناوە. لەهەلومەرجێکی ئاوادا ئەوە ژنانن کە قوربانی یەکەمن و لەگەڵ گەورەترین هێرشی فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرەورووبوونەتەوە. بەتایبەتیش ئەوە ژنان کە قوربانی یەکەمی قەیرانە ئابوریەکان و شەڕی دەولەتان و رەوت و گروپە کۆنەپەرستەکانن، هەر لە ئۆکرانیاوە تا رۆژهەڵاتی ناوەراست.

لە عێراق و کوردستانیش بەهۆی زاڵبوونی بزوتنەوە و رەوتە ناسیۆنالیستی و ئیسلامی و تائیفیە رەگەزپەرست و کۆنەپەرست و فاشیستەکانەوە، ژنان گەورەترین ستەم و زوڵمیان بەرامبەر دەکرێ. سەرباری ئەوەی کە بە ملیۆنەها ژن لەناو ماڵەکانی خۆیاندا وەکو کرێکاری بێ کرێ و بێماف کاردەکەن، هاوکات رووبەرووی توندوتیژی خێزانی دەبنەوە. لە کارگەو ناوەندەکانی کارو لە دامەزراوەکانیشدا ژنان جگەلەوەی لەرووی ئیمتیازاتی موچەو بەدەستهێنانی فرسەتی کارو پسپۆری و راهێنانی پیشەییەوە جیاکاریان لەگەڵ دەکرێ، هاوکات رووبەڕوی دەستدرێژی سێکسی دەبنەوە. لەپاڵ ئەمەدا، بورژوازی کوردو حزبەکانی سیستەمێکی دەسەلاتدرێتی وایان داسەپەندوە، کە لەسەر بنەمای پیاوسالاری و تێکەل بەشەریعەتی ئیسلام دەڕوا بەڕیوە، بەپێویست جیاکاری و ژێردەستەیی ژنانی کردۆتە نۆرم و یاسا، لەوانە فرەژنی و "کۆتاکردنی ژنان" لەهەڵبژاردنەکاندا، نمونەیەکی ئاشکرای نەک هەر هەڵوەشاندنەوەی مافی هاوڵاتی یەکسانە، بگرە بەرەسمی ناسینی ژێردەستەیی و پیاوسالاری و کۆنەپەرستیە، بەسەر ژنانەوە. لەسەرێکی تریشەوە، پشتگیری و دەستئاوەلاکردنی رەوتەکانی ئیسلامی سیاسی و هاوکاریکردنیان لەلایەن دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتیەوە، دەرگای خستۆتە سەرپشت تا کۆنەپەرستان، هێرشی خۆیان بۆ سەر ژنان و مەدەنیەتی کۆمەلگا چڕبکنەوەو بەئاشکرا لەمیدیاو مینبەری مزگەوتەکانەوە، سوکایەتی بەژنان بکەن و کلتوری پیاوسالاری و دژەژنی لەکۆمەلگادا پەرەپێبدەن. بەرادەیەک کە ژنانی کوردستانیش هیچ کات بە ئەندازەی ئێستا لەلایەن کۆنەپەرستی و کەلتور و فەرهەنگ و یاسای کوردایەتی و ئیسلامیەوە سوکایەتی پێنەکراوەو ئینکاری لە ماف و کەرامەت و کەسایەتی ئینسانیان نەکراوە.

لەناو ئەم فەزایەدا ژنانی کوردستان، بەردەوام هەوڵی ئەوەیان داوە کە پاریزگاری لە کەسایەتی ئینسانی خۆیان و لەمافەکانیان بکەن و لەو ریگایەشدا قوربانی بدەن. سەرەڕای رێگریە سەختەکان، بەلام ئەوە ژنانی کوردستانن کە بەردەوام لەریزی پێشەوەی نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستاندا راوەستاون و خەباتیان کردوە. ژنانی کارمەند و کرێکارو مامۆستایانی ژن دەوری کاریگەریان هەبوە لەبزوتنەوەی نارەزایەتی مامۆستایان و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستاندا. ئەمەش بەمانای پێداگری ئەوانە لەسەر پێگەو جێگەی گرنگی کۆمەڵایەتی و سیاسیان چ لەکۆمەڵگاو چ لەناو روداوەکانی رۆژدا.

بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، بەشێکە لە خەباتی گشتی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان بۆ کۆتاییهێنان بە ستەم و دەسەڵاتی نایەکسان و موشەخۆری ئەحزابی بۆرژوازی کورد، دەسەلات و ئەحزابێک کە بوتە هۆکارو سەرچاوەی کارەساتی رۆژانە و ئەو بێمافی و هەژاریەی کە ئایندەی کۆمەلگای کوردستانی بەرەو تاریکی راپێچداوە.

٨ی مارس رۆژی دەربرینی نارەزایەتی و هاتنەمەیدانی ژنان و بزوتنەوەی یەکسانیخوازیە، بەرامبەر بەو بێمافی و دۆخەی کە ئینسانی ژنی تێدا راگیراوە، رۆژێکە بۆ توندکردنەوەی خەباتی کرێکاران و ژنان و پیاوانی ئازادیخواز بۆ کۆتاییهێنان بە جیاکاری و ژێردەستەیی، رۆژێکە بۆ گۆرانکاری ریشەیی و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان وخۆشگوزەران.

**سەرکەوتووبێت خەبات بۆ یەکسانی ژن و پیاو**

**بژی ٨ ی مارس رەمزی وەستانەوە بەدژی جیاکاری و ژێردەستەیی ژنان!**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**٢٥ی شوباتی ٢٠٢٤**

# کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق

## عوسمان حاجی مارف

لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی غەززە، پەیوەندیەکانی ئەمریکاو عێراق وەرچەرخانێکی ئاڵۆزتری بەخۆیەوە بینیوە، بەوپێیەی هێزە میلیشیا عێراقیەکان کە لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێن، وەک حزبوڵای عێراقی، زیاتر لە ١٧٠ هێرشیان کردۆتە سەر هێزەکانی ئەمەریکا کە لە عێراق و سوریا جێگیرن، بە کەڵکوەرگرتن لە مووشەکی مەودا کورت و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان.

جگە لەوەی حزبوڵا بەناوی پشتیوانیکردن لەغەزەو حەماس ئەم هێرشانەیان ئەنجانمداوە، لەهەمانکاتدا سودیان لە بەرزبوونەوەی هەستی تورەیی و نارەزایەتی خەڵکی ناوچەکە بەرامبەر بە ئەمریکاو ئیسرائیل وەرگرتوە، بەمەبەستی زیادکردنی فشارەکان لەسەر بوونی ئەمریکا لە عێراقدا، بەئامانجی پاشکشە پێکردن و پاڵنان بە واشنتۆنەوەیە بۆکۆتاییهێنان بەو ستراتیژە درێژخایەنەی کە چەندین ساڵە بەدوای گوشاری ملکەچکردنی ئێرانەوەیەوە بۆ بردنەپێشەوەی نەخشەو سیاسەتەکانی لە ناوچەکەدا، ئەو نەخشەو سیاسەتەی کە نەیتوانیەوە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

هەرچەندە سەرکردەیەکی حزبی دەعوە ئاشکرایکردووە کە سەرکردەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی ڕێکەوتون لەسەرئەوەی دەبێت تا کۆتایی ئەمساڵ سەرجەم هێزە بیانیەکان بەگوێرەی خشتەیەکی کاتی لە عێراق بڕۆنەدەرەوە، بەڵام کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق نزیک نیە، هەڵبەتە ئەوە ئاشکرایە کە ئەو هێزانە لەژێر فشاردا دەمێننەوە، چاوەڕوانیش ناکرێت گفتوگۆکانی نێوان عێراق و ئەمریکا ببنە هۆی کشانەوەی کتوپڕی ئەمریکا لە عێراقدا.

بەردەوامبوونی شەڕ لە غەززە و پەلهاویشتنی شەڕەکە بۆ لوبنان و بانگەوزای ئەوەی مەترسی ئەوە هەیە ئەم شەڕە فراونتر بێتەوە لە ناوچەکەدا، ئەو بیانوە ئەدات بە ئەمریکا کە پاراستنی بنکە سەربازیەکانی لە ناوچەکە بە گشتی و لە عێراق بەتایبەتی بهێڵێتەوە، گەر فشاری زیاتریش لەسەر بوونی ئەمریکا لە عێراقدا لەلایەن هێزە میلیشیاکان و ئێرانەوە بەکاربهێنرێت، ناچارە بمێنێتەوە.

لەلایەکی ترەوە واشنتۆن ترسی ئەوەی هەیە کە کشانەوەی لە عێراق، لە نێوان ململانێکان و کێبرکێی بەردەوامی نێوان گروپە عێراقیەکان، مانای زیاتر گواستنەوەی عێراق و هەرێمە بەرەو رادەستبونی تەواو بە نفوزی ئێران.

سودانی کە لە ئێستادا ڕووبەڕووی دۆخێکی سەخت بووەتەوە، پێویستی بەوەیە هاوسەنگی پەیوەندی حکومەتەکەی لەگەڵ هەردوو ئەمریکا و ئێران بپارێزێت، لەهەمانکاتدا فشاری هێزە میلیشیاکانیش لەخۆبگرێت، لەلایەکی تریشەوە بەردەوامی ئەدات بەفشارەکانی خۆی بەسەر حکومەتی هەرێمدا، بەهاوکاتی چونەپێشەوەی سیاسەتی ناوندبونەوەی حکومەتی عێراق.

پەرەسەندنی سەربازی ئەمەریکا لە دژی میلیشیا عێراقیەکان، لە کاردانەوەی کوشتنی سێ سەربازی ئەمریکی لە بنکەیەکی ئەمریکی لە ئوردن، گۆڕینی عێراق بۆ ژینگەیەکی دوژمنکار بەرامبەر بە بوونی ئەمریکا خێراترکرد، هاوکات جۆری داواکانی حکومەتی سودانی بۆ کۆتاییهێنان بە بوونی ئەمریکا، ناچاریەکە بۆ موجامەلەی هێزە میلیشیاکان و راگرتنی ئێران، تا بەجۆرێک لەئێستادا خۆی لە هەڕەشەی زیاتر ناسەقامگیری سیاسی بپارێزێت، بەمشێوەیە دۆخی قەیرانی نێوان پێکهاتە سیاسیە جیاوازەکان لە عێراقدا کە چەندین ساڵە بەدەستیەوە دەناڵێنن بەردەوامەو بەئاسانی کۆتایی نایەت.

لەلایەکی تریشەوە ئەوە شاراوە نیە کە هەوڵەکان بۆ خواستی کۆتاییهێنان بە ئامادەبونی سەربازی ئەمریکا سەرچاوەیەکی دووبەرەکی نێوان بەغدا و هەولێرە. حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بەهەر ئاستێک لە گەیشتن بەبێ ئاسۆیی لە بەرامبەر ئەمریکادا، بەڵام دژایەتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەکەن، چونکە دەمێکە لە گۆڕانی هاوسەنگی هێزیان بەو ئاکامە گەیشتون کە بەبێ بونی ئەمریکا ناتوان لە بەرامبەر هێزە میلیشیاکانی عێراق و هەر هێرشێکی ئێراندا خۆیان بپارێزن و قەوارەکەیان راگرن.

گرژی و ئاڵۆزی لەنێوان کوتلە شیعەکان و هێزە ئەمریکیەکان لە عێراق زیاتر بووە، ئەوەش دوای تیرۆرکردنی "موشتاق جەواد ئەلسەعیدی" ناسراو بە "ئەبو تەقوە"، کە بە سەرکردەیەکی دیاری هێزەکانی حەشدی شەعبی دادەنرێت.

فراکسیۆنە عێراقیەکان کە لە دژی بوونی ئەمەریکا چالاکن، بەتایبەتی"بەرەنگاری ئیسلامی لە عێراق" بە شێوەیەکی سەرەکی لە هێرشەکانی دژی هێزەکانی ئەمریکادا دەورێکی زۆر دەبینێت، هەروەها بەشێکن لە هێزەکانی حەشدی شەعبی، بەڵام پەیوەندیان بە "چوارچێوەی هەماهەنگی" شیعەکانەوە نییە.

جگە لە حزبوڵای عێراقی کە وەستانی هێرشەکانی بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکا راگەیاند، بەڵام "بەرەنگاری ئیسلامی لە عێراق" هێشتا بەردەوامن لە ئۆپەراسیۆنەکانیان.

عێراق شاهیدی پەرەسەندنی گرژیەکانی نێوان ئەمریکا و کوتلە چەکدارە شیعەکانە کە ئێران پاڵپشتیان دەکات، بەسەرۆکایەتی یەکینەکانی حەشدی شەعبی بەمەبەستی دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا، ئەمەش

گوشارەکانی بۆ سەر حکومەتی بەغدا زیاد کردووە.

گوشارەکان لەم چوارچێوەیەدا تا دەگاتە بەکارهێنانی بژاردەی چەکداری، هەوڵدانی هێزە میلیشیاکان و ئێرانە بۆ سەپاندنی بریارێکی سیاسی تا لەلایەن سودانیەوە دەرکرێت بۆدەستپێکردن بە دوورخستنەوەی هێزەکانی ئەمریکا، بەڵام سودانیش لە هەوڵی ئەوەدایە کە لە رێگەی دیبلۆماسی، مەسەلەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا مامەڵەبکات.

لەسەرەتای ئەمساڵەوە واتە ٢٠٢٤ گرژی و ئاڵۆزی لەسەر مەسەلەی چونەدەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا زیادی کردووە، زۆربەی لێدوانەکانی سودانی کە داوا لە واشنتۆن دەکات هێزەکانی بکشێنێتەوە، لەئەنجامی فشاری لایەنە چەکدارەکان و ئێرانە، بەڵام ئەوە پێشبینی دەکرێت کە سودانی ئەو نیازەی نیە ئامادە بێت بریارێکی لەوچەشنە دەرکات، کە داوابکات هێزەکانی ئەمریکا بەم نزیکانە عێراق بە جێبهێڵن.

ئەمریکا چەند هەفتەیەک پێش جەنگی غەززە لەگەڵ حکومەتی بەغدا چووبووە گفتوگۆ، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر دانانی خشتەی کاتی دەرچوونی هێزەکانی، بەڵام گفتوگۆکان وەستا دوای ئەوەی لایەنە شیعەکان دوای ٧ی ئۆکتۆبەر هێزەکانی ئەمریکیایان کردە ئامانج، واشنتۆن لەوکاتەدا بە سودانی راگەیاندوە کە ئیدارەی جۆ بایدن هیچ نیازێکی نییە لەئێستادا وادەیەک بۆ دەستپێکردنەوەی ئەم دانوستانانە دیاری بکات.

سەرچاوە ئەمنیەکان لە هێزەکانی حەشدی شەعبی رایانگەندووە، ئەو لایەنانەی بەشدارن لە هێرشەکان بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، ئێستا لە بارەگا سەرەکیەکانیان لە شارەکان دەکشێنەوەو بەشێک لە سەرکردەکانیان بۆ خۆپاراستن رۆشتن بۆ ئێران.

هەروەها جەختیشیان لەوە کردوە کە دۆخی عێراق رۆژ لە دوای رۆژ مەترسیدارتر دەبێت، بەتایبەت لەگەڵ ئەگەری هێرشی ئێران بۆ سەر هەولێر، لەکاتێکدا چاوەروان دەکرێت کە ئەمریکیەکان لە ئاست ئەو هێرشانە بێدەنگ نەبن، چ لەسەر بنکەکانیان لە عێراق، یان لەسەر شوێنەکانی نزیک لە شوێنەکانیان لە هەولێر.

سەرچاوەیەکی سیاسی لە چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە ئەوەی راگەیاندوە، پرسی دوورخستنەوەی ئەمریکیەکان لە عێراق دەستیکردوە بە بردنی ولات بۆ قۆناغێکی ئاڵۆزتر و مەترسیدار، لەکاتێکدا هەمووان لەبەردەم خەڵکدا دەڵێن کە دەیانەوێت هێزە ئەمریکیەکان بچنە دەرەوە، بەڵام لە واقیعدا جیاوازی هەیە لەسەر چۆنیەتی کردنەدەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا بەتایبەت لە نێو چوارچێوەی هەماهەنگی و هێزەکانی حەشدی شەعبیدا.

شایەنی باسە، چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە بە چەترێکی سیاسی دادەنرێت کە هەموو لایەنە تەقلیدیە شیعەکانی عێراق کۆدەکاتەوە، سەرکردایەتی حکومەتی ئێستای عێراق دەکات، جگە لەرەوتی سەدر،هەروەها گەورەترین بلۆکی پەرلەمانی عێراقیان هەیە.

قەیس خەزعەلی کە سەرۆکایەتی فراکسیۆنی عەسائیب ئەهلی حەق دەکات، یەکێکە لە بەهێزترین کوتلە چەکدارەکانی شیعەیە، بە یەکێک لە دیارترین سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی دادەنرێت، خاوەنی ژمارەیەکی زۆرە لە کورسیەکانی پەرلەمان، هاوکات بەتایبەتی پشتگیری لەسودانی دەکات، ژمارەیەکی زۆر پۆستی گرنگی لە حکومەتی بەغدادا هەبووە، لە ئێستادا لەگەڵ ئەوەدا نیە بە لێدانی چەکداری ئەمریکا لە عێراق بکرێتە دەرەوە.

هەندێک لەو لایەن و هێزە میلیشیایانە دەیانەوێت ئەمریکیەکان بەزۆر، بە چرکردنەوەی هێرشەکان بۆ سەریان دووریان بخەنەوە، بەڵام هەندێکی تریان دەڵێن کە توندوتیژی لەم بابەتەدا دەبێتە هۆی دەرئەنجامێک کە عێراق بەرگەی ناگرێت.

یان هەندێکی تریان دەڵێن ئێمە دەمانەوێت هێزە ئەمریکیەکان ولاتەکەمان بەجێبهێڵن، بەوپێیەی ئێستا عێراق ولاتێکی سەربەخۆیە، باشترین چارەسەر بۆ گەیشتن بەم ئامانجە چارەسەری "دیپلۆماسیە" و فشاربخرێتە سەر حکومەتی سودانی بۆئەوەی بچێتە دانوستانەوە لەگەڵ ئەمریکیەکان بۆ دانانی بەرنامە بۆ دەرچوونی هێزەکانیان.

لەلایەکی دیکەوە، فراکسیۆنەکانی دیکەی ناو هێزەکانی حەشدی شەعبی، دیپلۆماسی بە نیشانەی لاوازی دەبینن، بژاردەی چەکداری وەک چارەسەرێکی ئایدیاڵ بۆ دەرکردنی هێزە ئەمریکیەکان لە عێراق دەبینن و چڕکردنەوەی هێرشەکان بۆ سەریان دەتوانێت ئەم ئامانجە بەدیبهێنێت.

لیواکانی حزبوڵلای عێراق و بزووتنەوەی نوجەبا دوو کوتلەی بەهێزن لەناو هێزەکانی حەشدی شەعبیدا، کە بە گوتەی سەرکردەکانیان دەیانەوێت هێزەکانی ئەمریکا بەزۆر لە ولات دووربخەنەوە، هەروەها دەڵێن هەرکەسێک لە حکومەت و چوارچێوەی هەماهەنگی شیعەدا دەبینێت کە دیپلۆماسی و دانوستان باشترین چارەسەرە بۆ دەرچوونی ئەمریکیەکان لە عێراق وەهمیە، و هەوڵدەدات بەرژەوەندیە سیاسی و ئابووریەکانی بپارێزێ، بۆیە چرکردنی هێرشەکان چارەسەری ئایدیاڵە، بەوپێیەی کە داگیرکەر لەرێگەی دیپلۆماسی و دانوستانی سیاسی ولات بەجێناهێڵێت، بەڵکو لەرێگەی بەرەنگاریەوە ولات بەجێدەهێڵێن. لەهەمانکاتدا دەڵێن "ئەگەر چوارچێوەی هەماهەنگی و سودانی دەیانەوێت لەرێگەی دیپلۆماسیەوە ئەمریکیەکان دەربکەن، ئەوا ئازادن، با چارەسەری چەکداری بۆ ئێمە بەجێبهێڵن بۆ دەرکردنی داگیرکەران لە ولاتەکەمان".

لەکاتێکدا کوتلەی عەسائیب ئەهلی حەق ئامادەنەبوو بەشداری لە هێرشکردنە سەر هێزە ئەمریکیەکان لە عێراقدا بکات، ئێران و حزبوڵلای لوبنان فشارێکی زۆر دەکەن بۆ دەرکردنی ئەمریکیەکان، حزبوڵلای لوبنان نوێنەری خۆی رەوانەی

⇦ عێراق کردووە بەمەبەستی دارشتنی پلان بۆ دوورخستنەوەی هێزەکانی ئەمریکا.

فشاری حزبولای لوبنان لە عێراق بۆ لابردنی هێزەکانی ئەمریکا، فشاری زیاترە بۆ سەرلایەنگرانی سودانی، دەشلێن: "پێداگری حزبولای لوبنانی و عێراقی و ئەلنوجەبا بۆدەرکردنی ئەمریکیەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاددەبن و ئەمەش وامان لێدەکات پێکدادان ڕەت نەکەینەوە. ڕاستەوخۆ لەنێوان ئەوان و واشنتۆن ئەگەری ئەوە هەیە بەشێوەیەکی توندتر لەڕۆژانی داهاتوودا بەرەوڕوی یەکتر ببنەوە"!؟

لەگەڵ ئەو بۆچون و جیاوازیانەی لە بەرامبەر بونی ئەمریکا کە بۆتە کێشەیەکی جدی بۆ حکومەتی عێراق، بەڵام ئاستی ململانێکان و ئاراستەی پێداویستی ئەمریکا بۆ مانەوەی لەعێراقدا، ئەوە پێشبینی دەکرێت کشانەوەی ئەمریکا لە عێراقدا وەک کەیسێک بە هەڵوسراوی دەمێنێتەوە.

واقعیەتی بوونی ئەمریکا و ئەم ململانێیەی نێوان هێزە شیعەکانی عێراق، لەسەر چونەدەرەوەی ئەمریکا، بەجیا لەوەی فشاری ئێران ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت، بەڵام شەڕی غەززە، ئەم دۆخی ململانێیەی چڕترکردۆتەوە، فرسەتی داوە بە ئێران کە لەوبارەیەوە بتوانێت فشارەکانی زیاتر بکات، بۆ زیاتر شکستهێنان بەدەوری ئەمریکا لە عێراق و لە ناوچەکەدا، بەمجۆرە کە زیاتر ئاڵۆزبونی دۆخەکەمان نیشان ئەدات، لەدواجاردا بە بەرژەوەندی هەر لایەنێکیاندا بشکێتەوە، جگە لە درێژەدان بە نەهامەتی و کارەسات و قوربەسەری بۆ ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی عێراق و ناوچەکە، کە چەندین ساڵە بەدەستیەوە دەناڵێنن، هیچ شتێک بۆ بەرژەوەندی خەڵک لێ بەدەست نایەت.

---

بۆئەم وتارە هەندێ زانیاری //:https /arabicpost.net وەرگیراوە

# ئیسڕائیل و هەڕەشەی بردنەسەری جینۆساید

## بنار مستەفا

زیاتر لە چوار مانگە کەرتی غەزە لەلایەن ئیسڕائیلەوە بە چڕی بۆمبارانکراوە و هێرشی کراوەتە سەر. ئەم هێرشە بەشێوەیەک دڕندانە و پڕ لە کارەسات بووە، لە ئاستێکی فراواندا قسە لەسەر ئەنجامدانی جینۆسایدە و لە دادگای نێونەتەوەیی لاهاییش تاوتوێ دەکرێت.

لەماوەی ئەم چوار مانگەدا جیهان شایەتی کاولکارییەکی کەموێنە بووە، کە لە غەزە دەخولقێت. ڕێژەی قوربانیان و ماڵوێرانکردن لە ئاستی کارەساتە فراوانە مێژووییەکاندا بەراورد دەکرێت. دەیان هەزار کەس ژیانی لەدەستداوە، دەیان هەزاری تر بریندداربوون، ماڵ و ڕێگاوبان و شوێنی ژیانی خەڵکی بەسەریەکدا دارڕخاوە، تەنانەت نەخۆشخانەکان، ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن، قوتابخانە، کەمپی ئاوارەیی و هتد. جێگەی ئامانجی هێرشەکانی ئیسڕائیل بوون.

وێڕای ئەم تراژیدیایە و ئەم ئامارە دڵتەزێنانە، زیاتر لە ملیۆنێک کەس لە ناوخۆی غەزەدا ئاوارەبوون و لە ڕەفەح گیرساونەتەوە. ڕەفەح کۆتا خاڵی غەزەیە و لە سنوور میسرە. سنوور داخراوە و هیچ جێگەیەکی تر نییە، خەڵکی لە ڕەفەحەوە پەنای بۆ بەرێت. هیچ ڕێگایەکی دەرچوون نییە و شوێنێکی تریش نەماوە لە کەرتی غەزە بۆ ژیان گونجاو بێت. لەئێستادا ڕەفەح ئامانجی هێرشی داهاتووی ئیسڕائیلە.

هەڕەشەی هێرش بۆ ڕەفەح مایەی کارەساتێکی هێندە فراوانە، کە تەنانەت ئەو هاوپەیمانانەی ئیسڕائیلیش، کە بەگشتی لە ئاستی کارەساتەکاندا سەریان بە لایەکی تردا دەسوڕێنن، نەیانتوانیوە چیتر پاساو بهێننە و بێدەنگ بمێننەوە. هۆشداریان داوەتە ئیسڕائیل، کە ئەنجامی نەدات یان ئاگاداری خەڵکی مەدەنی بێت.

هەڵبەت ئەم هەڵویستەی وڵاتانی هاوپەیمانی ئیسڕائیل لە مرۆڤدۆستییانەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو لەژێر گوشاری نارەزایەتی فراوانی خەڵکیدا ناچار بە هەڵوێست نواندن بوون.

ئەنجامدانی ئەم هێرشە، گومان لەسەر جینۆساید ناهێڵێتەوە و درێژەپێدانییەتی لە ئاستێکی فراوانتردا. دەبێت ئیسڕائیل ڕابوەستێندرێت و ڕێگەی لێ بگیرێت درێژە بە جینۆساید بدات. چاوەڕوانی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ناکرێت، بەر بە ئیسڕائیل بگرێت یان تەنانەت لە هاوکارییەکانیان بێبەشی بکەن. تەنانەت هەڵوێستەکانیشیان زیاتر بۆ میدیاکان و هێورکردنەوەی خەڵکی نارازی و خۆپیشاندەرانە لە وڵاتەکانیان.

ئەو جەماوەرە بەرینەی لە ڕۆژەکانی سەرەتاوە هاتنە مەیدان دژ بە جینۆسایدی خەڵکی لە غەزە، دەتوانن کۆتایی بە پیلانی بردنەسەری جینۆسایدی ئیسڕائیل بهێنن. پێویستە بەم بەرە مرۆڤدۆستییە جیهانییەوە پەیوەست بین و ڕێگە لە کارەساتە مرۆییەکان بگرین!


**ئۆکتۆبەر**

**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ڤایبەر: 07700475533

مۆبایل:0044(0)7394013135

**Muhsin_km@yahoo.com**

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:

**October** بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

# ناڕەزایەتیەکان بەدژی رادەستکردنی جولیان ئەسانج بە حکومەتی ئەمریکا

نوری بەشیر

ڕۆژەکانی ٢٠ و ٢١ی فێبریوەری لەسەر بانگەوازی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، پەیامنێرانی بێسنوور، سەندیکای نیشتمانی ڕۆژنامەنووسان، فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان و دەیان ڕێکخراوی دیکەی مافی مرۆڤ و ئازادی قسەکردن، هەروەها بەبەشداری ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراوە کۆمۆنیستیەکان، ئەندام پەرلەمانی بەریتانیاو ئەوروپا، ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەنوسان و نوسەران، لەبەردەم دادگای باڵادا لە لەندەن بۆ هاوپشتی لەگەڵ جولیان ئەسانج کە تانەدانبوو لەدادگادا بۆ رادەستکردنی بەئەمریکا، لە ٨ی بەیانیەوە تا کاتژمێر ٥ی ئێوارە خۆپیشاندانی ناڕەزایەتی ئەنجامدرا.

لەو دوو ڕۆژەدا بەجیا لەبەرزکردنەوەی سەدان دروشم و بەدەنگی بەرز وتنەوەی دورشمی " تەنیا بریار ئازادی ئەسانجە، بەڵێ بۆ ئازادی ئەسانج، بەڵێ بۆ ئازادی ڕۆژنامەگەری و نا بۆ رادەستکردنەوە بە ئەمریکا"و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندام پەرلەمانی بەریتانیاو ئەوروپا لەوانە جێرمی کۆربن ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا، رۆژنامەنوسان، نوسەران و تریسا ئەسانج هاوسەری ئەسانج، قسەوباسیان کرد.

وتاربێژان باسی ئەوەیانکرد جولیان ئەسانج رۆژنامەنوسێکی ئازاو بوێر بوو، کە زۆرێک لە تاوانەکانی جەنگ و ساختەکاری و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و گەندەڵی لە سەرانسەری جیهان و لەوانە حکومەتی ئەمریکای خستەڕوو، لەوانە ٧٠٠ هەزار بەڵگەنامەی لەسەر حکومەتی ئەمریکا بوو، وتیان ئەوەش بەشێکە لەکاری رۆژنامەگەری، بۆیە زیندانیکردن و رادەستکردنەوەی بەدژی ئازادی بەیان و ئازادی رۆژنامەگەریە، وە لەسەر ئەو تاوانانە دەبێت ئەوان سزا بدرێن نەک ئەسانج.

پەیامنێرانی بێسنوور نوسیبویان: "تا جولیان ئەسانج دەستبەسەر بێت ئەم دۆسیەیە پابەندبوونەکانی ئازادی میدیای بەریتانیا تێکدەدات". وتاربێژان بەتایبەت رۆژنامەنوسان تەئکیدیان لەوەکردەوە زیندانیکردنی ئەسانج زیندانیکردنی هەموومانە.

هەر لەم رووەوە لەم دواییانەدا زیاتر لە ١٨٠٠ رۆژنامەنووس لە زیاتر لە ١٠٠ وڵاتەوە ئیدانەی لێپێچینەوەی ئەسانجیان کردووە و بە "هەڕەشە بۆ سەر رۆژنامەنوسان لە هەموو شوێنێک" ناویان بردووە.

لە دووەم رۆژی خۆپیشاندانەکەدا لە کاتژمێر ٥ی ئێوارەدا هەموو لەدادگای باڵاوە بە ڕێپێوان بەناو شاری لەندەندا بەرەو ماڵی سەرۆک وەزیران بەڕێکەوتن و لەوێشدا تا درەنگانێک ناڕەزایەتیەکە بۆ بەرگری لە جولیان ئەسانج بە وتاردران و بە دروشم بەرزکردنەوەو وتنەوەی تا درەنگانێکی شەو بەردەوام بوو.

وا بڕیارە دادگای باڵا لەماوەی دوو هەفتەی داهاتوودا بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات لەبارەی کەیسی ئەسانجەوە، لەحاڵەتی ڕادەستکردنەوەی، ڕووبەڕووی سزای زیندانیی درێژخایەن دەبێتەوە، بەپێی ئەو ١٨ تۆمەتەی کە ئەمریکا خستویەتیە پاڵی کە زانیاریی نهێنیی وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکایە، ڕەنگە ماوەی زیندانییەکەی 175 ساڵ بێت.

خۆپیشاندەران لەبەردەم ماڵی سەرۆک وەزیراندا تەئکیدیان لەوە کردەوە کە ناڕەزایەتیەکان بەشێوەی جۆراوجۆر بەردەوام دەبێت، وە هەوڵدەدەن فشار بۆ پەرلەمانی بەریتانیاش بهێنن بۆ رادەستنەکردنەوەو ئازادی ئەسانج.

ئەسانج کەسێکی ئوسترالیەو ساڵی ٢٠١٠ دوای ئەوەی دەچێتە سوید بۆ دەستئاوەڵایی کارەکەی، بەڵام بۆ شکاندنی شەخسیەتی تۆمەتی ئەخلاقی بۆ دروست دەکەن، ئەگەرچی دوایی دادگایی سوید لەبەر نەبوونی بەڵگەی پێویست کەیسەکە دادەدخات، بەڵام ئاسانج ئەوکات بەناچار دەچێتە بەریتانیاو داوای پەنابەری دەکات، بەڵام بەریتانیا مافی پەنابەرێتی پێنادات، بۆیە لە ٢٠١٢ دەچێتە سەفارەتی ئیکوادۆر لە لەندەن و مافی پەنابەری وەردەگرێت و بۆماوەی ٧ ساڵ لە سەرەفارەتدا ژیان بەسەردەبات، لە ٢٠١٩ دا حکومەتی تازەی ئیکوادۆر لەگەڵ ئەمریکا ڕێکەدەکەون و مافی پەنابەری لێدەستێننەوەو هەر بەدوای ئەوەدا پۆلیسی بەریتانی دەچنە سەفارەت و دەستگیری دەکەن. تاکو ئێستا کە ئەم دادگاییە دەکرێت لە زیندانی بێلمارش دایە لە لەندەن. لەگەڵ ئەوەشدا بەزۆرینەی دەنگ پەرلەمانی ئوسترالیا و سەرۆک وەزیرانەکەی داوای ئازادکردنی ئەسانجی لە بەریتانیاو ئەمریکا کردووە.

لەماوەی ئەم ٧ ساڵەدا چەندینجار دادگاییکراوە بۆ رادەستکردنی بەئەمریکا، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئاسانج تەئکیدی لەسەر ئەوە کردووە کە بەڵگەنامەکان تەنها پێشێلکاریی لەلایەن سوپای ئەمریکاوە ئاشکرا دەکەن و کردنەوەی دۆسیەی زیان گەیاندن بە ئەمنیەتی ئەمریکا لەدژی، پاڵنەرێکی سیاسیی لەپشتیەوەیەتی، وە پارێزەرەکانی دادگاییەکەیان داواخستووە بەدەلیلی ئەوەی ئەگەر ببرێت بۆ ئەمریکا باری دەرونی تێکدەچێت و ڕەنگە بمرێت یان خۆی بکوژێت.

ئەگەرچی لەساڵی ٢٠٢١ دادگای باڵای بەریتانیا بڕیاری ڕادەستکردنەوەی دەرکرد و ئەو قسانەی ڕەتکردەوە کە گوایە کێشەی تەندروستی دەروونی دەتوانێت ببێتە هۆی خۆکوشتنی ئەگەر لە ئەمریکا زیندانی بکرێت. لە ساڵی ٢٠٢٢ دادگای باڵای بەریتانیا بڕیارەکەی پشتڕاستکردەوە و پریتی پەتێل وەزیری ناوخۆی ئەوکاتە بڕیاری ڕادەستکردنەوەی ئەو وڵاتەی پشتڕاستکردەوە. بەڵام بەهۆی خراپی باری دەروونی و نارەزایەتیە جیهانیەکان و بەتایبەتی لەبەریتانیادا ڕادەستکردنەوەی بە ئەمریکا دواخرا. ئەسانج بەهۆی باری تەندروستیەوە نەیتوانی لەدادگادا ئامادەبێت، بەڵام پارێزەرەکانی لەم دادگایکردنەدا تانە دەدەن بۆ ڕێگرتن لەداوای ئەمریکا بۆ ڕادەستکردنەوەی. هەروەها پارێزەرانی ئاماژەیان بە دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا کرد و داوایان لە دادگاکە کرد دەنگ بدات بۆ ڕێگریکردن لە ڕادەستکردنەوەی.

لە ٢٤ساڵی ڕابردوودا بەڵگەنامەکانی ویکیلیکس تەنیا بەڵگەنامە نەبوون لەسەر ماهیەتی دژی ئینسانی سیستەمی سەرمایەداری، حکومەتەکان، سەرۆکەکان و حزبە بۆرژوازیەکانیان، بەڵکو بەدوای ئاشکراکردنی بەڵگەنامەکانی ویکیلیکسدا، بەڵگەنامەکانی پەنەماو پاندۆرایش ئاشکرابوون.

بەڵگەنامەکانی پەنەما 'Panama Papers' دزەکردنی یانزە ملیۆن و نیو بەڵگەنامەی تربوون کە بەگەورەترین ئاشکراکردنی بەڵگەنامەی نهێنی دادەنرێت، کە دزەکردنی بەڵگەکانی ویکیلیکس هیچ نیە لەچاویدا. ئەم بەڵگەنامانەی پەنەما لەسەر دزی و بەتاڵانبردن و پێشێلکردنی یاساگەلێکن، کە دەوڵەت و دەسەڵات و سەرۆکەکانی وڵاتە سەرمایەداریەکانی ئەمرۆ و کاربەدەستە باڵاکانی نوێنەرانی چوارساڵ جارێک هەڵبژێراو یان خۆسەپێنی دیکتاتۆر، دەخاتەڕوو.

بەدوای بەڵگەنامەکانی ویکیلیکس و پەنەمادا بەڵگەنامەکانی پاندۆرا "Pandora Papers"ئاشکرا کرا، لەلایەن یەکێتی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسانی لێکۆڵەرەوە International Consortium of Investigative Journalists - ICIJ کە ١٢ ملیۆن فایلە، بەردەوام لەبڵاوکردنەوەدایە لەسەر سامانی هەزاران لە ملیۆنێرو ملیاردێر لەسەرانی حزبە بۆرژوازیەکان و سەرانی دەوڵەتانی سەرمایەدار و بازرگان و کەسانی جۆراوجۆری تری دەوریان کە بەشێکیان هێشتا لەدەسەڵاتدان و بەشێکیان پێشتر هەبوون، کە چۆن سەروەت و سامانی کۆمەڵگا بەتاڵان دەبەن و دەیبەنە دەرەوەی وڵاتەکانیان و بۆ خێزانەکانیان بەکاری دەهێنن.

بەڵگەنامەکانی ویکیلیکس لە مێژووی ئەمریکادا یەکەمین جارە بەوشێوەیە و بەو گەورەییە نهێنیەکان دزەپێبکات، کە لەو بەڵگەنامانەدا هاتووە وە بووە شوێنی سەرنجی جیهان لەکاتێکدا ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی هەواڵی ئەوەیان دەدا بەگوێی جیهاندا کە هێزەکانیان چوونەتە عێراق و ئەفغانستان بۆ ڕزگارکردنی خەڵک لەدژی دەسەڵاتی سەرکوتگەری ئەو وڵاتانە، بەڵام لەو بەڵگانەدا لەساڵی ٢٠١٠ دا بڵاوبۆتەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٧ گرتەیەکی ڤیدیۆیی پیشان دەدرێ کە دوو هێلیکۆپتەری سەربازی ئەمریکی ١٨ هاوڵاتی مەدەنی دەکوژن یان بریندار دەکەن کە لەناویاندا منداڵ و تیمێکی میدیای رۆیتەرز هەیە بەناوەکانی؛ نمر نورالدین، کامێرامان و سەعید شەماعی شۆفێری تیمەکە لەعێراق. لەبەڵگەنامەکاندا هاتوە کە سوپای ئەمریکا لەکاتی شەڕی ئەفغانستان سەدان هاوڵاتی مەدەنی کوشتووە. هەروەها ڤیدیۆ و وێنەی ئازاردانی عێراقییەکانی لە زیندانەکانی "ئەبوغرێب" بڵاوکردۆتەوە، کاتێک لەلایەن سوپای ئەمەریکاوە بە شێوازێکی دڕندانە ئەشکەنجە دەدرێن.

کوردستان لەبەڵگەنامەکانی ویکیلیکسدا، چوار ڕۆژ دوای کودەتاکەی ٢٠١٦ی تورکیا بەدژی ئۆدوگان، ٣٠٠ هەزار بەڵگەی پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیا بڵاودەکرێتەوەو چەند بەڵگەی لەسەر حکومەتی هەرێم و حزبەکانی یەکێتی و پارتی تێدایە لەوانە؛ مەسعود بارزانی بڕی ٢٠٠ ملیۆن دۆلار لە حکومەتی ئوردوگان وەردەگرێت، بۆئەمەش سەفین دزەیی وتەبێژی ئەوکاتی حکومەتی هەرێم پشتڕاستی دەکاتەوەو تەنانەت دەڵێت ٢٥٠ ملیۆن بووە نەک ٢٠٠ ملیۆن، بەڵام ئەمە قەرزبووە بۆ دانی موچەی فەرمانبەران. هەر لەدۆسییەکی تر لەساڵی ٢٠٠٨دا لەسەر حکومەتی هەرێم باسی گەندەڵی و فەسادی ئەو دووحزبەی کوردایەتی دەکات و نەوشیروان مستەفاش کە خۆی یەکێک لەسەرانی ئەو حزبانەبوو باسی دەکات، کە مانگانە هەریەکە لەو دوو حزبەی یەکێتی و پارتی ٣٥ ملیۆن دۆلاریان وەرگرتووە تەنها بۆخۆیان.

ویکیلیکس بەشێکی ئەم بەڵگەنامەنەی لەرێگای چێڵسی مانینگ، شرۆڤەکاری هەواڵگری سەربازی ئەمریکاوە دابینکردبوو، دواتر ئاشکرا بوو بە ٣٥ ساڵ زیندانیی دادگای ئەمریکا حکومیدا.

ئەمەیە ڕاستی دنیای سەرمایەداری! ئەمەیە دیموکراسی دەوڵەتانی زلهێزی دنیا کەرۆژانە دەیدەن بەگوێی ئینسانی ئەمرۆداو حزبە بۆرژوازیەکان و میدیاو رۆشنبیرە زورناژەنەکان بانگەوازی بۆدەکەن، ئەمەیە دنیای چوارساڵ هەڵبژاردن و چەواشەکاریەکانی، کەتاوانی جولیان ئەسانج و پێگەی ویلیلیکس ئەوەیە، کە بەدوای ئەوەی ساڵی ٢٠٠٦ پێگەی ویکیلیکس دروستدەکەن، لەساڵی ٢٠١٠دا ئەوە ڕادەگەیەنێت کە زیاتر لە ١٠ ملیۆن بەڵگەنامەیان لایەو بڵاویانکردۆتەوە، کە بە ملیۆن ڕاپۆرتی لە پەیوەند بە شەڕ و سیخوڕی و گەندەڵی و جەنگ و کوشتار بووە کە زۆربەیان لەسەر ئەفغانستان و عێراقە، کە لەوانە ٧٠٠ هەزار بەڵگەی نهێنی حکومەتی ئەمریکاو کارە نهێنی و کوشتارو جەنگ و کاولکاریە. ٩٠ هەزاری لەسەر ئەفغانستان و ٤٠٠ هەزار بەڵگەی تایبەت بوو بەجەنگی عێراق کە بەڵگەی تێدایە کە زیاتر لە ٦٦ هەزار هاوڵاتی مەدەنی کوژراوە.

⇦ لەساڵی ٢٠١٩ وە بەردەوام نارەزایەتی لەلایەن؛ چەپ و کۆمۆنیست و بەرەی ئازادیخوازی دنیاوە، هەبووە بەدژی زیندانیکردنی ئەسانج و داوای ئازادکردنی کراوە، بەتایبەت بەدژی رادەستکردنی بە حکومەتی ئەمریکا، بەردەوام تەئکید لەوەکراوەتەوە؛ کە پێویستە لەبری دامەزرێنەری ویکیلیکس، هەریەکە لە بەریتانیا و ئەمریکا دادگایی بکرێن کە بە ئەنجامدانی تاوانی جەنگ تۆمەتبارکراون و وە وتویانە؛ "بەهۆی ئاشکراکردنی تاوانەکانی جەنگی ئەمریکا و بەریتانیا لە عێراق و ئەفغانستان، ئەسانج زیندانی کراوە، داوا لە هەموو جیهان دەکەین بۆ ئازادکردنی جولیان ئەسانج، بێنە سەر هێڵ.

لەدنیای ئەمڕۆی دەسەڵاتی سەرمایەداران و حکومەت و حزبەکانیان، ئاشکرابوونی ئەم بەڵگە رەسمیانە کە چ تاوانێک ئەنجامدراوە، بە تاوان ئەژمار ناکرێت، کە خۆشیان خۆیان و حکومەتانی دنیاش حاشای لێناکەن، ئەوە بە تاوان ئەژمار ناکرێت بەهاوکاری ئەم حکومەتە زلهێزانە حکومەتی ئیسرائیل چی لەخەڵکی غەززە دەکات، حکومەتی ئۆردوگان چی لەبەرامبەر خەڵکی تورکیا بەگشتی و کوردەکان دەکات لەوەش زیاتر هەموو رۆژێک درۆنەکانی چۆن خەڵکی کوردستانی عیراق و سوریا دەکاتە ئامانج، ئەوە لەبەرچاوناگرن لەژێر سایەی دەسەڵاتی بۆرژوازی و حکومەتەکانیان کە ئەمنیەتی و ژیانی ملیار ئینسانی ئەم گۆی زەمینەیان خستۆتە مەترسی و لە بەردەم مردنی شێنەییدان، بەڵام ئەوەی ئەم تاوانە غەیرە ئینسانیانەی ئاشکرا کردووە تاوانبارەو دەبێت هەموو ژیانی لەزینداندا بێت، لەوەش واوەتر هیلاری کلینتۆن وتبووی ئایا ناکرێت ئەسانج بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بکوژرێت.

**تێبینی: لەسەر بەڵگەنامەکانی پەنەماو پاندۆرا بەجیا لەکاتی خۆیدا نوسیمەو بڵاوکراوەتەوە.**

**٢٣ی ئەپریلی ٢٠٢٤**

# کێشەکانی پۆستی پارێزگاری کەرکوک

## عوسمانی حاجی مارف

کۆبونەوەکانی پارتی و یەکێتی لەپەیوەند بە پرسی پۆستی پارێزگاری کەرکوک بەردەوامە، تائێستا رێکەوتن لەسەر ئەنجامێکی رۆشنی یەکلاییکەرەوە نەکراوە، لە دانوسانەکاندا یەکێتی وەها نیشان ئەدات کە لەوبارەیەوە بەڕوی هەموو لایەنەکاندا دەرگای کراوەیە، بەڵام دەیانەوێت لەگەڵ پارتیدا خۆیان بەنزیکتر نیشان بدەن تا لەگەڵ لایەنەکانی تری بەشدار لە ئەنجومەنی پارێزگادا، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو پۆستەی پارێزگار "شایستەیەکی کوردیە".

لە کۆبونەوەی چوارشەممەدا ١٤/٢/٢٠٢٤، یەکێتی چارەسەرکردنی خۆی بۆ پرسی پۆستی پارێزگاری کەرکوک ئاشکرا دەکات .ئەوەش رادەگەیەنن کە دەبێت ئەم فایلە بەزووترین کات یەکلایی بکرێتەوە، هەروەها دەڵێن کۆبوونەوەکان بەردەوام دەبن بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی تەواوی پۆستەکانی پارێزگای کەرکوک.

لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کە لە ١٨ی کانونی دووەم بەڕێوەچوو، رێژەی بەشداری لە کەرکوک گەیشتە ٦٩% ، بەرزترین رێژەی بەشداری بوو لەعێراقدا، لەهەمانکاتدا بە سودوەرگرتن لە هەڵخراندن و رێکخستنی نەعرەتەی کوردایەتی، یەکێتی توانی زۆرترین دەنگ بەدەست بهێنێت، بەڵام ناتوانی بەبێ رێکەوتن لەگەڵ لایەنی تردا، لایەنی یەکلاییکەرەوە بێت، ئەم رێکەوتنەش لە ئەنجومەنی ئێستای پاریزگای کەرکوک سەخت و پێچیدەیە.

ئەوەی جێگای سەرنجە یەکێتی پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە ئەو پۆستەی پارێزگاری کەرکوک شایستەیەکی کوردیە و دەبێت بۆ یەکێتی نیشتمانی بێت، لەبەرئەوەی زۆرترین کورسیان بەدەستهێناوە، ئەوەش دوپات دەکەنەوە کە بەدڵنیاییەوە لەگەڵ هەموو لایەک رێکدەکەون! واتە رێکەوتن لەگەڵ هەر لایەنێکدا کە قەبوڵی پۆستی پارێزگار بۆ یەکێتی بکات! ئەمەش بۆ لایەنکانی تر قەبوڵکردنی سەختە، بەتایبەتی بۆ پارتی.

بەگشتی تائێستا بەشێک لە پارێزگاکانی عێراق رێکنەکەوتون و بڕیاریان نەداوە لەسەردیاریکردنی پرسی پۆستەکانی پارێزگاکان، بەتایبەتی وەک کێشەیەک ئەم مەسەلەیە بۆ کەرکوک ئاڵۆزترە، چونکە تێکەڵەیەکیان لە ناسیۆنالیزمی عەرەبی و تورکمان و کوردی داوە بەسەریەکدا، کە رێکەوتن لەسەر پۆستەکان زەحمەتی زۆر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەردەوام دانیشتنەکان دوادەخرێت، رێکەوتن و بڕیار لە دۆخێکی وادا کە هەر لایەنێک بەهەر بەڵگەیەک بێت خۆی بە شایستەی ئەو پۆستە دەزانێت، رێگە نادات ئەم پرسە یەکلایی بێتەوە، ئەمەش قوڵبونەوەی ئەو دەردەیە کە هەر لەسەرەتاوە بەدەوری ئەمریکا, حکومەتی عێراقیان لەسەر بنەمای قەومی و دینی و تائفی دابەشکرد.

ئەم ئاڵۆزیە بەجیا لەوەی لە ژێر کاریگەری هەڵبژاردنێکدایە کە عێراقیان لەسەر بنەمای نەتەوەیی و دینی و تائفی دابەشکردوە، لەهەمانکاتدا دەستوەردانی تورکیا و ئێرانیش لە عێراق بەگشتی و لە کەرکوک بەتایبەتی، ئەم پرسەی پارێزگاری کەرکوکی ئاڵۆزتر و داخراوتر داوەبەدەستەوە.

ئەنقەرە بەڕاشکاوی خواستی خۆی لە وەرگرتنی سەرکردایەتی پارێزگاکە بۆ پێکهاتەی تورکمان دەربڕیوە، هاکان فیدان وەزیری دەرەوەی تورکیا پێشتر داوای پەسەندکردنی پرەنسیپی خولانەوە"نۆبە"ی کردبوو لە ⇦

⇨ هەڵبژاردنی پارێزگاردا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو پۆستە پێشتر بۆ کورد و عەرەب بووە، واتە بەبێ گوێدانە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، نۆرەی تورکمانەکانە ئەو پۆستە سەرکردایەتیە لە کەرکوک بەدەست بهێنن، پێشتریش سەرۆکی دەزگای هەواڵگری تورکیا، ئیبراهیم کالین، کە لە مانگی یەکی ساڵی ڕابردوودا سەردانی عێراقی کردوە، لەگەڵ نوێنەرانی پێکهاتە عەرەبی و تورکمانەکان کۆبۆتەوەو داوای لێکردبون هاوپەیمانی یەکتر بن بۆئەوەی پێکهاتەی کورد نەتوانێت پۆستی پارێزگار بەدەست بهێنن.

لەهەمانکاتدا تورکیا ئەوەندەی سەرنجی لەسەر تورکمانەکانی ناوچەی کەرکوکە کە کێشەی لەسەرە، گرنگی بە پێکهاتەی تورکمان کە دانیشتوانی هەرێمی کوردستانن نادات، واتە بۆ ئەنقەرە مەسەلەکەی چارەنوس و مافی تورکمانەکان نیە، بەڵکو پەیداکردنی هۆکارێکە بۆ دەخالەت و دەست تێوەردان لە کێشەکانی شاری کەرکوک و پەیداکردنی جێگایەک بۆ جێکەوتنی بەرژەوەندیەکانی.

لەهەمانکاتدا کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بەدوای جێگیرکردنی پشکی شیعەوەیە، کە دەتوانێت لە ڕێگەی حکومەتی عێراقەوە کاری لەسەر بکات، بەڵام ئێران لەم بارەیەوە کێشەیەکی وەها دروست ناکات، چونکە باڵادەسەتی حکومەتی عێراق بەسەر شاری کەرکوکدا بەرژەوەندیەکانی ئێرانی پاراستوە، ئەوەی بۆ ئێران جێگای بایەخە بەرگرتنە بە دەخالەتەکانی تورکیا لە کەرکوکدا.

کەرکوک دوای بەسرە، دووەم دەوڵەمەندترین شاری عێراقە لەڕووی نەوتەوە، کە ئیدارەکەی ناکۆکی لەسەرە لەنێوان بەغدا و هەولێر، لەچوارچێوەی ئەوەی کە دوای لەشکرکێشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق بە مادەی ١٤٠ی دەستور، بە ناوچە کێشە لەسەرەکان ناسرا، کە لەساڵی ٢٠٠٥ پەسەندکرا.

کەرکوک لەنێو پارێزگاکانی عێراق جیاکراوەتەوە، بەوپێیەی ٦ کێڵگەی نەوتی زەبەلاحی تێدایە کە یەدەگەکانیان بە نزیکەی ١٣ ملیار بەرمیل مەزەندە دەکرێت، ئەم داهاتە سروشتیەی شاری کەرکوک، بەدوای ڕوخانی حکومەتی بەعس و لە پرۆسەی پێکهێنانەوەی حکومەتی عێراقدا، سەرچاوەی کێشەیەکی گەورەی نێوان هێزە میلیشیاکانە بۆ دەست بەسەراگرتن و بە تاڵانبردنی سەروەت و سامانی ئەوشارە، کە هەر لەسەرەتاوە یەکێتی و پارتی ئەو فرسەتەیان قۆستەوە، کە لەلایەک کۆنترۆڵکردنی چاڵە نەوتیەکان و بازرگانی و قاچاخچێتی بەنەوتەوە کردە بنەمای بەهێزکردنی پێگەی سەربازی و سیاسیان لە هەرێمدا، لەلایەکی تریشەوە، دەوریان دی لە وێرانکردنی ئەو شارەو فەرامۆشکردنی ژیان و گوزەرانی دانیشتوانەکەی، لەهەمانکاتدا ڕەواجدان و باوەشێنکردن بە ململانێ و دوبەرەکی نەتەوەییان بە ڕێخست.

بەڵام بەدوای ٢٠١٧وە، بە شکستی بانگەوازی سەربەخۆی کوردستان، کۆنترۆڵی ئەمنی لە پارێزگاکەدا گواسترایەوە بۆحەشدی شەعبی و هێزەکانی سوپای عێراق، هێزە چەکدارەکانی پارتی و یەکێتی پاشەکشەیان پێکرا و کەرکوکیان دۆڕاند، کەیسی بریاری ١٤٠یش لەسەر ناوچە کێشە لەسەرەکان پێچرایەوە، یەکەم هەنگاویش بۆ کاریگەری لە بچوکردنەوەی قەوارەی هەرێم دەستی پێکرد.

تائێستا نەتوانرە دانیشتنی ئەنجومەنی پارێزگا بەرێوە ببرێت، بەهۆی نەتوانینی ئامادەبونی ڕێژەی نیوە زائد یەک، ئەم نائامادەییەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی لایەنەکان نەیانتوانیوە لەسەر هیچ پێشنیارو کلێشەک لەنێوان خۆیاندا ساغ ببنەوەو پێکبێن، گەر وارێکەوت توانیان ئەو دانیشتنە بکەن، ئەو ئەنجومەنە لەگەڵ گێژاوێکدا دەرگیرە، ڕێگا چارەیەکیان لە بەردەمدا نیە ڕێرەوی جێکەوتنی پۆستەکانی پارێزگا جێگیرکەن.

هەردوو لایەنی سەرەکی هەرێمی کوردستان، پارتی و یەکێتی لەسەر ئەوە ڕێکن کە پۆستی پارێزگاری نوێی کەرکوک کورد بێت، بەلام هیچ بەڵگەیەک لەبەینی خۆیاندا ناسەلمێنن کە ببڕێنەوە لەسەر ئەوەی پارێزگار سەر بە کام لایان بێت، کۆتایی ئەم کێشمەکێشە وەک زۆبەی کێشەکانی نێوان پارتی و یەکێتی دیار نابێت و لە بۆشایی بازنەیەکی داخراودا دەخولێنەوە.

لەگەڵ هەموو ئەو کێشانەشدا، گەر وا ڕێکەوێت پۆستی پارێزگاری کەرکوک لە هەر ڕێگایەکەوە بۆ یەکێتی دیاری کرا، پارێزگارێکی زۆر لاوازو بێدەسەڵات و کلێشەیی دەبێت، چونکە دەسەڵات لە شاری کەرکوکدا و بەدەستەوەگرتنی چاڵە نەوتیەکان و بازرگانی بە نەوتەوە، لەژێر کۆنترۆڵی تەواوی حکومەتی بەغدادایە، پارێزگاری کەرکوک پارتی بێت یا یەکێتی، نەک لە بەرزبونەوەی ئاستی هاوسەنگی هێزی هیچ لایەنێکیان ناگۆڕێت، بەڵکو زیاتر ملکەچی پرۆسەی جێکەوتنی ناوەند بونەوەی حکومەتی عێراق دەبنەوە.

ئەوەی شایانی باسە ئەو هەرایەش کە یەکێتی پیادەی کرد لە هەڵبژاردنی پاریزگاکان لە کەرکوکدا، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو قەیرانە ناوخۆیەی پەرشوبڵاوی ڕیزەکانی حزبەکەیان بوو، تا گوژمێک بەئارایشی ڕیزەکانی بداتەوە، بەڵام لە باری عەمەلیەوە بۆ گەڕانەوەی دەوری لە ناو کەرکوکدا هیچ بەرهەمێکی نابێت.

★

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
00964(0)7701570050:مۆبایل
Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
**جەمال موحسین**
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com

# کۆتاییهێنان بە بایکۆت، کۆتاییهاتنی ناڕەزایەتیەکانە!؟

## موحسین کەریم

دوای نزیکەی (٥) مانگ لە بایکۆتکردنی قوتابخانەکان لە ناوچەی دەسەڵاتی یەکێتی، کە هاوکات بوو لەگەڵ دەیان خۆپیشاندانی مامۆستایان و کارمەندان و جەماوەری نارازی لە دەسەڵاتی ملیشیاکانی بۆرژوازی کورد، لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی ئەو بەشەی هەرێمی کوردستاندا، سەرەنجام مامۆستایان کە پێشەنگی ئەو نارەزایەتیانەی جەماوەر بوون، کۆتاییان بە بایکۆت هێناو گەڕانەوە بۆ ناو هۆڵەکانی خوێندن.

ئەگەرچی کۆتاییهێنان بە بایکۆت ئاکامی ڕێکەوتنێک لەنێوان مامۆستایان و فەرمانبەران و حکومەتدا نەبوو بۆ جێبەجێکردنی خواستەکانیان یان بەشێک لەخواستەکانیان، کە بریتی بوو لە پێدانی مووچە دواخراوەکان و پلەبەرزکردنەوەو بەهەمیشەیی کردنی گرێبەستەکان و تاد.. تەنها لەو ماوەیەدا مووچەی تەنها یەک مانگ درا، لەکاتێکدا مووچەی (٣) مانگی ساڵی ڕابردوو هێشتا چارەنوسی دیار نیە، بەڵام ناکرێ کۆتاییهێنان بە بایکۆت وەکو شکستێک لێک بدرێتەوە، وەکو بەشێک لە بەشداربوانی نارەزایەتیەکان لێکی دەدەنەوە.

هەڵبەت من وەکو ئەوانەش بیرناکەمەوە کە بڕیاری دادگای فیدراڵی بۆ پێدانی مووچەی مامۆستایان و فەرمانبەرانی هەرێم، وەکو دەسکەوتێکی ئەو بایکۆت و خۆپیشاندانانە ناوزەد دەکەن. کاری دادگای فیدراڵی بەرگری لە مافەکانی خەڵکی کوردستان و قوتی مامۆستایان و فەرمانبەرانی هەرێم نیە و حکومەتی ناوەندیش کاری جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە لە بەرژەوەندی مووچەخۆرانی کوردستان نیە. کاری ئەوان لەچوارچێوەی فشارە سیاسیەکانی ملیشیا شیعە دەسەلاتدارەکانی عێراقدایە بۆسەر دەسەڵاتدارانی هەرێم و بەتایبەتی پارتی، بەپێی بەرژەوەندی ناوچەیی ئێران لەبەرامبەر ئەمریکاو تورکیادا. ئەوە بێجگە لەوەی کە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی ناوچەکانی دیکەی عێراق کە ڕاستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق و لەچوارچێوەی سەلاحیەتی یاسایی دادگای فیدراڵدان، موحتاجی ئاوی پاکی خواردنەوەو کارەبا و خزمەتگوازری و بژێوی ژیانیان و چەند ساڵ لەمەوبەر زیاتر لە (٦٠٠) کەسیان لەلایەن میلیشیا فەرمانڕەواکانی ئێستاوە لە خرۆشانی ئۆکتۆبەردا قەتڵ و عام و تیرورکران و نزیکەی (٣٠) هەزار کەسیش بریندار کرن، بەبێ ئەوەی دادگای فیدراڵی و دادوەرەکانی موچرک بە لەشیاندا بێت!

بەڵام کۆتاییهێنان بە بایکۆت، مانای شکستی نارەزایەتیەکان نیە، چونکە نارەزایەتی جەماوەرو مامۆستایان و فەرمانبەران وەکو ئاگرێکی نەکوژاوە بەردەوام دەبریسکێتەوە. ئەگەر بۆماوەیەک خۆڵەمێش لەسەری بنیشێت، مانای ساردبونەوەو کوژانەوەی نیە. تەنها فوویەک دەتوانێ دوبارە پریسکی نارەزایەتی و خرۆشانی جەماوەری بگەشێنێتەوە. بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، هەمیشە لەسەر هێڵێکی ڕاست ناچێتەپێشەوە. بەهەورازو نشێودا تێدەپەڕێ، بەلام سەرەنجام ئەگەر پێداویستیەکانی سەرکەوتنی دەستەبەر بکات، سەردەکەوێ.

من لە سەروتاری ژمارەی پێشووی ئۆکتۆبەردا ئاماژەم بەهەندێ لەو فاکتەرانە کرد، لێرەدا بەکورتی دەیلێمەوە؛ ١- دابینبوونی ڕابەریەکی شۆڕشگێر و ڕادیکاڵ و نەفەسدرێژ بۆ نارەزایەتیەکان. بەجێهێشتنی ئاسۆی ریفۆرمخوازی کە بەسەر ڕابەران و هەڵسوراوانی بزوتنەوەکەدا زاڵە و فرسەت دەدات بە دەسەڵات و هاوکارانیان لەناو نارەزایەتیەکاندا، تا دوای ماوەیەک لە نارەزایەتی و بایکۆت، بەبێ دەسکەوت کۆتایی بایکۆت ڕابگەیەنن و بێئومێدی و بێسودبوونی بایکۆت و خۆپیشاندان و نارەزایەتی ڕابگەیەنن! ٢- ڕێکخستنی ریزی ئەو هەزاران مامۆستا و فەرمانبەرەی کە بەردەوام ئامادەی چالاکیەکان و نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانن لەچوارچێوەی ڕێکخراوەی جەماوەری مامۆستایان و فەرمانبەران و جۆری دیکەی ڕێکخراودا. ٣- دەرکێشانی نارەزایەتیەکان لە ململانێی نێوان هەردوو حزبی دەسەلاتدار و ئاراستەکردنی داواکاریەکان و نارەزایەتیەکان بەڕووی دەسەلاتدارانی هەردوو زۆنی سەوزو زەرد، نەک تەنها دەسەڵاتی پارتی بەبیانوی ئەوەی حکومەت بەدەست پارتیەوەیە. بێبەریکردنی یەکێتی لەو ستەمەی کە لە مامۆستایان و فەرمانبەران و خەڵک دەکرێ، هەمیشە ناوەڕۆکی نارەزایەتیەکان پووچ و بەتاڵ دەکاتەوەو دەیکاتە کەرەستەی ساتوسەودای نێوان یەکێتی و پارتی بۆ ئیمتیاز وەرگرتن لەیەکتری. سزادانی نزیکەی (٤٥٠٠) مامۆستا لەسەر ئەوەی بەشداری بایکۆت و خۆپیشاندانەکانیان کردوە لەزۆنی سەوزو لەلایەن دەسەلاتی یەکێتیەوەیە، نەک پارتی. ٤- سەرەنجام دەبێ ئاراستەی سیاسی و داواکاریەکانی نارەزایەتیەکان بەرەو چەپ و ڕادیکاڵیزم وەرگەڕێ و لەچوارچێوەی ریفۆرمخوازی ناسیۆنالیستی و ئیسلامی و پۆپۆلیستیدا دەربازی بێت. ئایندەی سەرکەوتنی نارەزایەتیەکانی مامۆستایان و فەرمانبەران و خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش لەگرەوی وەرچەرخانیدایە بەرەو چەپ!

★